تەنیا نیگەرانی بۆ کەسێک کە بۆ هەی فشارکی دەروونیەوە دەبێتە کەسێکی تر!.. حەسەن ئازانی

فشاری هاوکوف و هاو تەمەنەکان لە سەر یەکتری (پیەر پرەشەر Peer pressure!)

پیەر پەشەر بەواتای فشاری هاوکوف، فشاری برادەرو هاوڕێ، تەنانەت واوەتریش دەڵێ بەفشاری دەست و خزم و ناسیاوو تەنانەت دەروجیران و گەڵەکیش دەگەنەت. بە کورتی: پیەر پەشەر هەموو ئەو فشارە دەروونیەی دەگەنەت کە لە سەر کەسێک دروست دەبێت لەلایەن هەموو ئەو لایەن و کەس و شوێنانەی کە بەلای ئەو کەسەوە گرنگ و مەبەستن. مەبەستە سەرەکیی و دروستەکەشی ئەویە کە لە ئەنجامی مامەڵەو هەڵس وکەوتەکانی ئەو کەسەدا ئەوان دڵیان گرێ نەگرێت و ناڕازی و مەومەچیان نەکات. جا لەبەرەدا، ئەگەر ئەو کەسە بە پێچەوانەی شێوەلەوە مەلە بکات هەر دەست بەجێ بەی دەبێتە کارەسات.
مەلەکردن بە پێچەوانەی شێوەلیش بوونیی و پشتبەخۆبەستنەکی زۆری لە کەسەکە دەوێت، کە ئەمەش لە دەوروبەری خەمانەدا دەبینین وسەلماویشە کە زۆرینەی خەڵک خۆی لە قەرە نادات. کەواتە بە هەی فشارە دەروونیەکەوە، کەسەکە ناچارە بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە بە پێچەوانەی خودی خۆی مامەڵە بکات و مەلەکەی بەو بارەدا بکات کە کەسانی تر ئازی بکات. ئەمەش ئەوە دەگەنەت کە ئەو کەسە دەبە کارەکی وا بکات کە هاوکوفەکانی لەگەیدا هاوئاهەنگ و ئازی بن پێی و لە جیاتی ئەوەی مەو مانیان بکات و لیچی لە هەقرچنن ، دەبە ئەو وا بکات کە پێکەنین و گەشیی و شەوەی ئازیبوون بخاتە سەر ڕوویان!
ئەو پێناسەیەی کە تا ئادیەک گەلەک لە پسپۆرانی بواری دەروونی و سایکۆلۆجی لەسەری کۆکن و تەنانەت مامەستا گوگیش هەر لەو چوارچێوەیەدایە ئەوەیە کە Peer pressure پیەر پرەشەر: " بریتیە لە فشاری هاوتەمەنان وهاو تەمەنان و فشارەکی ئاستەوخە یان ناڕاستەوخەیە لەسەر هاوتەمەنەکان و هاوڕێ و هاوکوفەکان. واتە لەسەر ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرژەوەندی یان پێگەی کۆمەڵایەتی هاوشێوەیان هەیە. ئەندامانی گروپی هاوتەمەن زیاتر کاریگەریان لەسەر بیروباوەڕ و بڕها و ئایین و هەڵسوکەفتاری کەسەک

هەیە فشارێکە کە بە مەبەستی خۆگونجاندنەوە لە گەڵ ئەو شتەی کە ئەوانی تر دەیکەن! ئەو فشارە دەتوانێت بەهێز بێت و بەردەنگاریی قورسی هەبێت. هەرچەندە کەسێک هەست بە فشار بکات بۆ ئەوەی شتێک بکات تەنها لەبەر ئەوەی کەسانی تر ئەو کارە دەکەن یان دەیبیستێت کە گوایە ئەوان دەیکەن. فشاری هاوتەمەنەکان دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەسێک هەبێت بۆ ئەوەی شتێک بکات کە تاکەدایەک بۆ زیان بێت – یان شتێک کە دەرئەنجای جیددیتری هەبێت".
جەرکانی پیاو پڕەشەر داستەوخۆ و ناراستەوخۆشی هەیە. هەیەتی دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت و هەشیەتی ناتوانرێت بهێنرێتە سەر زمان و لە ناخی کەسەکەدا دەمێنێتەوە! هەیەتی پڕزەتیفەو شتێکی خەراپ نیە ئەگەر بوونی هەبێ و هەشیەتی زۆر نەگەتیڤەو سەری خاوەنەکەی دەخوات و بە فەتاڵەتی دەدات!

جا لێرەدا ئەگەر بێت و ئەو پێناسەیەی سەرەوە سادەتر بکەینەوە و بڵێین لەی بدوێین کە لە نەوخۆماندا باوە و لە ناوچەی پشدەرشەدا مانای تەواویان داوە بە پیاو پڕەشەر، ئەویە کە دەگوترێت و پێی دەڵێن لەبەر خاترانە! یان ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت و لە دژی ویستی کەسەکە خۆی بێت ئەو کاتە پێی دەگوترێت: "بە خوا هەمووی لە ترسی زمانی ئەم و ئەو!" بۆیە لێرەدا دەشتوانین بڵێین کە : پیاو پڕەشەر ئەو فشارە دەروونی و نادیارەیە کە وات لە دەکات کارێک بکەیت یان هەڵس و کەوتێک بکەیت یان بە جۆرێک قسە بکەیت...، هتد ، جا با خودی خۆشت لەگەڵیدا ناڕازی بیت بەڵام تەنها لە بەر خاتری خاتران یان لەبەر زمانی ئەم و ئەو هەردەیکەیت! لێرەدا تۆ خودی خۆت لە بزر دەبێت و دەبیتە کەسێکی تر، دەبیتە گەڵێک و کەڵە و کەسان و داب ونەریت و تەنانەت ئایین و مەزهەبکی تر کە هیچی لە هی خۆت ناچێت!
پیاو پڕەشەر بە واتایەکی تر، لە بەر خاتری خاتران یان لە ترسی زمانی ئەم و ئەو، فشارێکە کە لە ڕووی داب و نەریتی کەڵەپایتیەوە وو لە کەسێک دەکات و لە ڕووی دەروونیەوە دەبێتە فشار بە سەر کەسەکە. جا بە ئەوەی کەسەکە خۆی ڕزگار بکات لەو فشارە دەروونیە دەچێتە دەر لە کەسایەتی خۆی و لەبەر خاتری یان لە ترسی هاوکووفەکەی، یان هاوڕێکەی ، یان خزمەکەی، یان دەستەکەی بەو بارەدا مامەڵە دەکاو قسە دەکاو بیرو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت کە هی خۆی نین و لەوانەشە هەر باوەڕی پێیان نەبێ. بەڵام لەبەر خاتری خەڵک و کەسانیتر یان لە ترسی زمانیان واتە لەبەر خاتری خاتران یان لە ترسی زمانی دەوروبەر بە شێوەیەک قسە دەکاو بە بارەکدا مامەڵە دەکا کە هی خۆی نییە. ئەمەش دووفاقییەک دروست

دەکات لە کەسایەتی ئەو کەسەداو بە بارەکی تردا کەسایەتی کەسەکە دەخاتە بارەکی ناجێگیرو دەیشوێنێت و لەو حاڵەتەشدا پێی دەگوترێت کەسایەتی پشێکاوو شێواوو ناجێگیرPersonality disorder
کەواتە پیەرپرشەرPeer pressure ئەگەر فراونترو ووەنتری بکەینەوە دەشتوانیین چەندین نموونەو شوێنیش باس بکەین کە کاریگەریی ئەو فشارەی تێدا بە ووەنی دەردەکەوێت. بە نموونە: ئەو فشارە دەروونییەی کە لەسەر کەسێک دروست دەبێت کاتێک کە دەیەوێت قسەیەک بکات و دەترسێت کە دەوروبەر بە کێفێی نەبێ، یان هاوشێی کەسێک بکات بەڵام لەولاوە کەسێکی تری هاوڕێی ئەو هاوشێیەی بە کێفێ نەبێ، یان جۆرێک لە جل و بەرگ یان ستایڵێکی تازە لەبەر بکات بەڵام دەترسێت کە لەولاوە هاوسێکەی یان هاوڕێکانی و هاوکوف و دەستەکانی ئەو شێوە جل و بەرگ وستایڵیان لە لا باش نەبێ، ..،هتد. ئیتر دەتوانی دەیان نموونەی لەوبارەوە بهێنەتەوە.
ئەو فشارە کاتێک دەبێتە گرفتی گەورەو کەسەکان لە قاوغ و کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان دەنێتە دەر کە بەرژەوەندی لەپشتەوە بێت! واتە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و کەڵاتی و شتی لەوبابەتە. تەنانەت بەرژەوەندی کاسەو دراوسێیەتیش ڕێی کاریگەرو ڕاستەو خێی لەو بارەوە هەیە! یاخود بەرژەوەندی شوێن و هاو گوندیی و هاو بەرەبابی و هاو خێڵ و هاو عەشرەتی و هاو قەبیلەیی..
هەندێک جاران تەنها لەبەردەی دەست و دوژمنە! جا یان تە دەتەوێت دەخۆشیان بکەیت کە ئەمەیان بە کەمی ووەدەدات یان تە دەتەوێت خەمبارو تووڕەیان بکەیت کە ئەمەیان زوو زوو ووەدەدات. واتە تە کارێک دەکەی کە خێت حەزت لێی نیە بەڵام تەنها بە ئەوە دەیکەی کە خەڵکی تر خەفەتی پێوە بخوات، یان بە پێچەوانەوە دەخۆشیان بکەیت. واتە بە خودی خێت نیەیە. بە نموونە : بە ژنەکێت یان بە مەردەکێت دەڵێیت دە توخوا با هەر تەنها لە ڕقی ئەوان بەڵین بە مەرگ پان و یەک دوو ڕۆژ لەوە بین و چەندین وەنەو قیدیەی کەباب و گشتبرژاندن و دیمەنی جوانی ئەوش بخەینە سەر فەیسبووک. ئەم هەموو پارە سەرفکردنە لە پێناو خۆشیی خۆیاندا نیە بەڵکو و تەنها لەبەر ئەوەیە کە کەسانێک، کە دەگونجێت خزم و کەسی نزیکیش بن، خەفەتە بخۆن! جاری واش هەیە بە ئەوەی بەرژەوەندییەک لەدەست نچێت و لەترسی لەدەستدانی بەرژەوەندیەکان کەسەکان بەشوەیەک مامەڵەدەکەن کە هی خۆیان نیەو باوەڕیان پێی نیە!
هەر لەبەر ئەوەشە ئەو کەسەی کە ئەو فشارەی لەسەر دروست دەبێ و ناتوانێت خۆی لە ڕزگار کات و ناتوانێت وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ مامەڵەکات و خۆی دەرخات لە قاوغی خۆی دەچێتەدەر. کەواتە کەسەکە، کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆشی لەدەست دەدا. هەروەها ئەوەی کە باوەڕی

پێیەتی ناتوانێت بیڵێت، ئەو جل و بەرگی کە ئارەزووی دەکات لەبەری بکات ناتوانێت لەبەری بکات، ئەو ئاو بەچوونی کە خەیاتی و باوەڕی پێیەتی ناتوانێت دڕیبڕێت یان هەیبێت. ئیتر ئەو کەس لە خودی خۆی دەردەچێت، لە کەسایەتی خۆی دەردەچێت و دەبێتە کەسێکی تر و کارەکتەرێکی تری دەبێت کە بە ئارەزووی خۆی ناوا، ناخوا، جل لەبەر ناکات، قسە ناکات ، نادوێت، پێناکەنێت، هەڵناپەڕێت، گەرانی نالێت. هەموو هەڵس و کەوتێکی بە ئەوپەڕ و لە پێناوی ئەوەدایە کە هاوکووفەکانی ئازی بکات یان بە ئەوەی لە خەیان تووڕە نەکات و لێی دوور نەکەونەوە!
بە دیوێکی تردا پیەر پەشۆر و فشاری هاوکووفەکان ئەوپەڕ کە بە ئەوەی کەسێک بیەوێت هاوکوفەکانی لەخۆی ئازی بکات دەبە کارێک بکات دژیان گەردەن نەگرێت. یاخود دەبە وا مامەڵە بکات کە هاوتەریب بێت لەگەڵ هاوکوفەکانی و جا با پێچەوانەی ئارەزووەکانی خۆی و پێچەوانەی خودی باوەڕەکانی خۆشی بێت. ئەوکاتە ئەوکەسە لەبەر خاتری خاتران و هاوکووفەکانی دەبێتە دژ و پێچەوانەی کەسایەتییە ئاسیتەقینەکەی خۆی.
با نموونەیەکی سادە بهێنینەوە لە سەر فشاری هاوکوفەکان یان فشاری لەبەر خاتری خاتران یان لە ترسی زمانی هاوکوفەکان یان فشاری ناسیاوێک لەسەر کەسێک کە هەندێک جار وەک فشاری دوولایەنەش دەردەکەوێت. " مام فەرخۆ مام عەلی هەردووکیان خۆشویستن و جەماوەرو دەستی خەیان هەیە. بەڵام هەم مام فەرخۆ هەمیش مام عەلی بە ئاشکرا یەکتریان ناوێت. نێک هەر ئەوەش بەڵک و زیاتر پێی لە ئادەکشن.. بە نموونە مام فەرخە دەڵێ: هەر کەس منی دەوێت نابێ ببینم هاماشێی مام عەلی بکات. درێژی پێدەداو دەڵێت: " بەخوا بەم دەرکەوێت ئەمە ڕووبدات پشتاوپشتم بەلەعنەتیان دەکەم!" ئە دەبەخوا (مام عەلی)یش لە مام فەرخە خراپتر دەڵێ. جا تە دەتوانی ئەو نموونەیە بگوازیتەوە بە خواردن، جل و بەرگ، گەرانی و شەعرو مۆسیقاو تەنانەت خوێندنەوەش. ئەدی پێت چۆنە و چ گریمانەیەک دەکەیت کە ئەگەر تە ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبی نووسەرێک بکەی و وە بشزانی کە هاوکووفەکێت ڕقی لێیەتی؟
جا ئەگەر هات و کەسێکە بیەوێت لە خۆی دەرنەچێت و وەک و کە خۆی هەیە ئاهوا مامەڵەو هەڵس و کەوتی هەبە، واتە هەموو کاتێک دەبە شتێک بکات خۆی پێی باشۆ لێی ئازیەە جا با دژوبەرکەشی پێی ئازی نەبە. ئا لەڕەدا کەسێکە وەک و خۆی دەردەکەوێت و نابێتە کەس و کەمە و داب و نەریت و گەڵەکێکی تر. بەڵام ئەو خۆی پێی ئازیە. بەڵام ئەگەر وا مامەڵەی کرد بە ئەوەی دژوبەرو هاوکوفەکانی ئازی بکات بەڵام خۆی نا ئەوە ئەوکات لە خودی خۆی دەردەچێت و دەبێتە

هاوکوفەکانی.

بە بۆای من مامۆستای دروووست وەاستگریانە، هەرچەندە ئەنجامدانی کاریکی سەختیش، دەبە وەک ئەوەی کە خەت باوەش پێی هەیەو دەت پێی ئاوە دەخواتەوە مامۆستا بکەی! دەبە هاوکوفەکانیشت هەروا بکەن. ئەو کات هاوکوفەکانت و تەش هەردووک لاتان وا مامۆستا دەکەن کە هەر کەسەو چەن ئارەزوو دەکا و چەن پێی خۆش وا دەکا بە مەرجەک ئازار بە لاکەی تر و بە دەوروبەرو گۆڕەکەی تر نەگەیەنێت! ئەو کات هەردووک لا دەگەنە ئەو بۆایەی کە هەردووکلا ڕاستن و کەسیان هەڵە نین و کەسیان ناجوان نین و کەسیشیان خەراپ نابن! ئەو کات دەبێتە کۆمەڵگایەکی فەرهەنگ و فرە ڕا و فرە بۆچوون! هەمووش ڕێزی بە بۆامبۆرەکەی دەبێت! کۆمەڵگا نابێت هەمووی وەک جوجەڵەی مریشک لە کارگە بێتەدەرو هەمووی وەک یەک بجریوێنێت و وەک یەکیش دەندووک لە خواردن بکوتێت و هەمووشی لە یەک بچێت! حەتمەن دەبە جیاوازی هەبە. ژیان بەجیاوازییەوە خۆش. ئەگەرهەمووی وەک و یەک بیربکاتەوە، وەک و یەک گەرانی بێت، وەک و یەک جل لەبەر کات، ڕەنگی وەک یەکی هەبە، ئیتر من پێم وایە ئەو جۆرە کۆمەڵگایە لە کۆمەڵگای ئینسانی دەردەچێت و دەبێتە کارگەیەک کە ڕەبەتی بەرهەم هێناوە. ژیان لە کۆمەڵگایەکی وادا دەوەستێت و لەزەت و خۆشی تێدا نامێنێ.
کۆمەڵگای بۆشاری کۆمەڵگایەکە کە ئینسان تێیدا دەبە ببێتە چەق و مەبەست. یەک درۆژە، یەک کورتە، یەک ڕۆشە، یەک سپی، یەک تەزە لاواز و یەکەکیش لە هەیکەل و بیچما یەک تەزە گۆشتنو لە دین و مەزەب و بۆچوون و ئاو بیرکردنەوەشدا هەر جیاوازە.. بەڵام هەمووی جوانە، هیچی ناشیرین و دزێو نییە. ناشیرینی و دزێوی شتی ڕۆژیین و لە دیدو تەوانینی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئیسان هەمووی جوانە. کردارەکیەتی ناشیرینی دەکات . تەنها کردارە کە ئازاری کۆمەڵگای ئینسانی و بۆشەر دەدات وا لە ئینسانەکە دەکا کە ناشیرین و دزێوو بوغزێندرا و بوغزاوی دەربکەوێت لەناو کۆمەڵگادا.

_____

تێبینی: سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە

https://www.choosingtherapy.com/peer-pressure/

The Complete Idiot’s Guide to Surviving Peer Pressure for Teens. …

The Courage to Be Yourself: True Stories by Teens About Cliques, Conflicts, and Overcoming Peer Pressure. …

.Friends, Cliques, and Peer Pressure: Be True to Yourself

پرسیاری کولتورو پاشکۆی ئەمۆ.. نیهاد جامی

گریمانەی ئەوە دابنێین هەشتا درەفت ماوە بۆ دەست پێکردنەوە، ئەوە گومان نیە هێندەی نائومێدیەکە پێویستە بۆ نەبوونی دەسەلاتی کولتووری ئەمۆ، بیرکردنەوە لەسالانی ڕابردوو لە درەفتێک کە لەبەردەمی هەموماندا بوو، بەڵام پاشکۆیەکی سەیرمان کرد، ئەوەی بەرپرسیار بوو ئەو ناوەندە فەرهەنگی و کولتوریانەی ناو شاری کەرکوک نەبوون، چونکە هەمووان بەبێ چاوەڕوانی کردنی هیچ بەرامبەرێک کاریان کرد، بەڵام مەترسیەک کە هەمیشە هەستمان پێی دەکرد ئەوە بوو لەپڕ ئەو وزانە بوەستن و نەتوانن بەردەوامی ببەخشن، چونکە چەند مرۆڤێکی چالاک لەپشت کەی پڕۆژە کولتوریەکانەوە بوو، پڕۆژەی کولتوریی پێویستی بە دامەزراوەیی کردنە، هەبەت لەو ناوەندانەی ئەوسا هەوەی ئەوەشدرا، بەداخەوە نەبوونی پشتگیریی و بەگرنگ نەبینینی وایکرد گومانەکانمان ببن بەڕاستی، هەشتا ووزەی گەنجان لەشارەکەدا بوونی هەیە و دەیانەوێت داهاتووی کولتووری بنیات بنێن، بەڵام بەم دەخێی ئێستا تا کوێ ئەو هەنگاوانە بە دەکات؟

ئەوە وەک نائومێدی مەبینن، هێندەی بەرەنجامی خوێندنەوەی دەخی کارکردنمانە لەسالانی ڕابردووەدا، ئێستا بۆ ئەوەی نەکەوینە گریان و نوزانەوە بەسەر ساڵەکانی پێشوو، دەخێکە هەر چۆن بوو هەرچی توانرا و ئەنجامدرا، هەر ئەوەندە بوو کە کرا، بۆیە لەئێستادا پێویستمان بەوەیە لەسەر ئەو ساتەوەختە هەنووکەییەمان قسە بکەن، دەبێت چیبکەین لە ئێستادا؟

پرسیارکردن لەئێستا، درککردنە بە ڕاستیەک کە ئەوەی هەبوو کۆتایی هات، پێویستە ئاوا سەیری ئێستا بکەین، وەک سەرەتایەکی نوێی کارکردن، بەبێ ئاگایی کولتوریی هیچ پڕۆژەیەک نایەتە بەرهەم، بۆیە پێویستمانە لەو ساتە بەرایی‌دا مەعریفەی کولتوریی بەرهەم بهێنین، لەڕێگەی پێوەندیکردنەوە بە یەکتریەوە لەڕێی نووسینەوە، تاوەکو بتوانین زەمینەیەکی پتەومان هەبێت بۆ دەخی کولتوریی داهاتوو، چیتر مەعریفە لەنێوان قسەکردن و نوزانەوە نەهێلینەوە، بەڵکو قسەکردن بۆ نووسین بگۆڕین، وەک چۆن پێویستە ئەو هەموو لاوانەوە

حیکاتانەی ئابردوو ببینە دەخی گومانکردن و کارکردن لەئەستادا. کە ئەم ئەرکە لەئەستە بگرێت؟ ئەوانەی خەمی کولتوریان هەیە، نەوەک بانگەشە ئایدیالەژیە ساختەکانی ناوەندە سیاسیەکان بانگەشەی بە دەکەن، کولتور بە بانگەشە کاری بە ناکرێت، خەمی کولتوریی دەبێت کەشەی سەرکی مرۆڤ بێت، ئەوەش تەنیا ئەوانەی دەیانەوێت بەسەر دنیا بکرێنەوەو شوناس لە فەوتان ڕزگار بکەن، توانای ئەوەیان هەیە ئەو کارە بگرنە ئەستەی خەیان، بە بەوای ئەمە زەمینەکە هەندە خراپ نیە، هەندەی پەویستی بە پرۆژەی ڕەکخەر هەیە تا دەنگەکان یەکبخات، ئەوەش پەویستی بە نەوەندەکی کولتوریە کە ئەرگان و ناوەندی چالاکی خەی هەبێت، لەتەواوی کایە جیاوازەکان کار بکات، خەی لەهیچ کایەیەک نەدزێتەوە بە بیانووی ئەوەی کاری ئەو نیە، ئەو سەرتایە دەتوانێت دواتر ئیش لەسەر ئەوە بکات، کایە جیاوازەکان بکاتە چەندین پرۆژەی سەربەخە تا بتوانن پسپەریەکان لەو ناوەندە جیا بکرێنەوە، ئەوسا چەندین ئەرگان و کەنالی کولتوریی جیاواز لە شارەکەدا دەتوانن کاری خەیان بکەن، پاشکشەیەک کە لەسایانی ئابردوو ڕوویدا، تەنیا هەزەکی ڕەخنەیی بە ئەستامان دەبەخشێت، تاوەکو بتوانین ڕەخنەگرتن لەئابردوو بکەین بە ئامادەبوونی ئەستاوەک بونیادی زەمانی بە کارکردن و کرانەوەمان بەسەر کولتورو چەنیەتی تێگەیشتن لەکەشەی شوناس و کولتور، لەنەوان کەرکوک وەک و مرۆڤ وەک هاوڵاتی کەرکوکی، ئەوەش زەمینەی خوەقاندنی کەمەگایەکی مەدەنی بنیات دەنێت، لەسەر پەیوەندیی نەوان هاوڵاتی و شار، کە گرنگترین پایەی کەرکوکە، بەهەی فرە ئاینی و کولتوریەوە، تاوەکو گوتاری ئایدیالەژی فریومان نەدات و وەک کرانەوەی گروپە کەمەلایەتیە جیاوازەکان، بە ئەوەی بتوانین مامەلەکردنەکی کولتوریی بکەین لەگەڵ دەخە کولتوریی و مێژوویەکەی شارەکەمان.

نیهاد جامی- فەرهەنسا

لە پای هەوەدان بە ڕەگریکردن

لە کارەکی شانەیی.. داستان بەرزان

خراپترین دەخنەک کە هەر دەستەاتەکی تەبکەوێت ئەو ساتەیە کە چاودێری دەخاتە سەر کارە هونەرییەکان، بە بیانووی جیاجیا لەپرسینەوەیان لەدەکات و هەوەدەدات سانسەری هەر بابەتێکی هونەری بکات کە گوتارەکەی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەودا ناگونجێت، یاخود بەخنە و تانە لە ناڕەکی و ناشیرینی و نادادییەکانی دەگرێت و گەندەڵی و دزێوییەکانی دەخاتە بەرچاو، ئاخر بەسروشت هەر دەستەاتێک لە هونەر ترسابێت و هونەرمەندانی لە مافە بنچینەییەکانیان دابەیبێت، کەواتە بەر لە هەر کەس ئەو دەستەاتە خەی لە دەخی خەی دەزانێت و تەدەگات کەی سیستمی ئەو حوکمانییەی پیادەی دەکات لەگەڵ ویست و ژیانی هاوڵاتیانیدا ناگونجێت.

لە مێژوودا هەمیشە دەستەاتە ستەمکارەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان سەیان لە هونەر کردەتەوە، بواریان نەداوە هونەر ئازادانە گەشە بکات و هونەرمەند بەبە کەشە و ئاستەنگ گوزارشت لە دونیابینی خەی بکات، لەبەر ئەوەی هونەر بە درێژایی مێژووی خەی ململانێ و ناکەکی و سەرنجی توندی لەسەر دەستەاتی خەسەپێن و کەمەڵگای کەنەخواز و گیرەدەی دەستی نەریتی نادروست و ئەو بەشەی ئایینەکان هەبووە کە دەچەتە ئاستەکی خراپی نامرەقانەی تووندتیژ، ئەمەش لە یەنانی کەنەوە کە لانکەی سەرهەدان و گەشەسەندنی زەربەی هونەرکانە تاکو ئەمەڕ دەێژبەتەوە.

تەنانەت لە ژیانی ەابردووی خەماندا ساەانی بەرلەەاپەین (سەدام حسەن) یەکەک لەو دیکتاتەرانەبووە کە ترسی گەورەی لە هونەر وایکردبوو سانسەرەکی زەر لەسەر کارە هونەرییەکان دابنێت و ەەگا نەدات بەبە فلتەری وردی فەرمانگەکانی ئەمن و دەزگاکانی سیخوەیی هیچ بەرهەمەک تەپەەێت، زەرجار کارە هونەرییەکانی ئەو سەردەمە ەاست و چەپیان بەسەردا هاتووە و ەەگری بە نمایشکردنیان کراوە، تەنانەت هونەرمەندان تووشی زیندان و ئازار و ئەشکەنجە بوونەتەوە، هەر ئەوەش وادەکات هونەرمەندان بە ئاستەم بتوانن ئەوەی هەست و ەووانین و دیدگای خەیانە نمایشی بکەن و گوتارەکانی نەتەوە و خاک و نیشتیمان بە هەمای هەمەجەر لە کارە هونەرییەکانیاندا بەرجەستە بکەن.

هونەرکان بە هەموو جۆر و شێوازکانیانەوە ەووبەرکن بە ئەوەی مرۆڤ بیانکاتە هەکارەک بە خستنەووی هەر بابەت و دیاردەیەکی

ناشیرین و خراپ و دژە ئازادی و هەڤوەاوی بیرە ستەمکارەکان، کاری سەرەکی هونەر لەدانە لە دید و چەمک و بابەتە پیرۆزکراوەکان، هونەر مانا جگیرەکان دەستکاری دەکات، نەریتەکان دەشوونێت، هونەر بەرهەستی لە نادادی دەکات، هونەر جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە دەکات، هونەر خەم و ژانەکانی مرۆڤ دەنوێنێ بۆیە مرۆڤ بە هونەر کاریگەرە. مرۆڤ پێویستی بە هونەرە تاکو واتا باش و جوانەکان بزر نەکات، تاکو هەستنبووونی خەی لە دەست نەدات، فریدرێک نیتشە لە بارەی جۆهەری هونەر هونەر دەڵێت: پێویستمان بە هونەرە تاکو واقیع نەمانکوژێت. کەواتە مرۆڤ ناتوانێت هیچ کات بەبێ هونەر بژی، چونکە لە سادەترین کاری هونەردا دەکرێت بۆ دیدی نیتشە بڕۆین: مادام واقیع شتێکی نکۆڵی لێکراوە، لە بەرامبەردا هونەری دەبێت ڕۆڵی خەی بگێڕێت!
لە مێژووی هونەردا کەم نین ئەو هونەرمەندانەی بەهەی دیدگای ڕەخنەیی بەرهەمەکانیانەوە تووشی زیندان و تەنانەت کوشتنیش بوونەتەوە، کە دەکرێت بە گەورەترین کۆرت دەیان نمونەی لەو هونەرمەندانەی جیهان بناسین کە بوونەتە قوربانی لە پێناو هونەردا، بۆیە هەر دەستێاتێک گومانی لە سیستمی حوکمڕانی خەی هەبێت، یەکێک لەو بوارانەی سەرنجی چەی دەخاتەسەر هونەرە، ئاخر وەک ئاماژەمان بە کرد هونەر لە شوێنکەدا مەترسییە بۆ هەر سیستمێکی ستەمکار، بە کەمەگایەکی گەندە بۆ هەر دەستێاتێکی خەسپێن و دیکاتەر، هونەر دەتوانێت ماناکان بە ڕووتی و بەبێ ئاڵوزی، خراپی و نادادپەروەرییەکان بەبێ ئارایشکردن، گەندەڵی و ستەمکارییەکان بەبێ پەردە بۆیان بکات.
هونەرمەندانی کورد بەشێکی زۆریان لە پێناو ئازادی گەل و ئازادی لە کارە هونەرییەکانیاندا ڕۆژگارێک چوونە شاخەکان و لە ڕۆژەکانی خەباتدا تێکۆشان، شەهید بوون، تەمەنی گەنجییان بەخشییە شۆڕش، هەر بۆ ئەوەی ئازادی بەدەستبهێنن، ئازادییەک کە ئەمە ئەمڕۆ لە سایەیدا بەبێ ترس کارە هونەرییەکانمان بکەین و بۆ بینەرانی بگەنین، لەبەر ئەوە گرنگە لە ئەستادا دەستێاتدارانی کورد، ئەوانەی بۆیاریان بەدەستە بۆ وریاییەوە کار بکەن بۆ فەراهەمکردنی زیاتری ئازادنێک بەرتەسکردنەوەی و لە بیریان بێت یەکێک لە دروشمە گەورەکانی خەباتی کورداێتی ئازادی بووە بە سەرجەم چین و توێژەکان، کەواتە تکایە دەستێاتداران وردتر و هەستیارتر لەگەڵ هونەردا مامەڵە بکەن و بوارمەدەن ئازادی هیچ چین و توێژێک گرفتی بۆ دروست ببێت.

داستان بەرزان

بۆ شاعیرێکی فاشیل.. سەباح هەنجەر

1

هەموو بەشەکانی ژیان لای من یەك ئامانجیان هەیە. ئەویش شیعرە، شیعریش بۆ من مەتەڵێکی گەورەیە، مرۆڤایەتی خۆمی پێ بگەشێنمەوە. شاعیرێکی دیندار و نیمچە دڵهاتی و بەرەو خودی خۆم گەڕاوەم. ئەم دنیایە چۆن بناسم، سەرلەنوێ شتەکان بدۆزمەوە و پێکهاتە وەربگرم و لە چییەتی بپرسم و ڕووبەڕووی واقیع ببمەوە. کەموزۆر بەشێکی بەهرە سروشتییەکانم گەشەپێکردووە. لە خانە و شانەی هۆستیاری زمان و بنیادنانی ناسنامەدا بۆن و ڕەنگ و ڕۆشنایيم هەمزیوە و شیعر پاڵاوتوومی، لێ شیعریش بۆلاوێ هیچ چالاکییەکی دیکەم نییە هۆزی پێویستی لێ وەربکرم. گوندەکەشم لە شارەکان زیاتر بیری شیعرییم پێ دەبەخشێ و دۆخی نووسینم لا پەیدا دەکا گەرم بنووسم، بنەمایە: مرۆڤ، باڵندە، پەلەوەر، ئاژەڵ، خشۆك، زیندەوەر، سروشت، گیا، درەخت، پرسیار، وەڵام، بەڵێ، نەخێر، گوێەگەنم… تاد، لەودا ناسی. شار واقیعێکی توندوتیژە، کەمتر هارمۆنی نەرمونیانی تێدایە. هێڵی تایبەتی لە نێوان مرۆڤی گوند و مرۆڤی شار لە باری سایکۆلۆژییەوە لەکۆوە جیاوازن و لەکۆوەش نزیکن، ناوی شۆن لە شیعردا بە دەگمەن دەهێنم، بەڵام هەستی هەستکردن بە شۆن و ناسینی شۆن زاڵدەکەم.

2

لەو شیعرە دڵدۆم نووسیومەوە، یان لە نادیاریيەکدا دەبێتە خولیای نووسین، هۆستی هەڤاڵو و تاسەی ڕوحیم دەیدۆزێتەوە، دەینووسم و تێیدا پشت بە خود و زمان و وێنە دەبەستم، خود و زمان و وێنەش وەك کردەیەکی کارای بیرکردنەوە بوونی مرۆڤ دادەڕێژن و چالاکی زەینی و دەروونیین، لە ناسینی بەهای ئەدەبی خوێنەر ئاسوودە دەکەن.

3

نیمچە دەستووری ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی و ناسکۆژیم و داروپەردووی ڕستەسازی و پەنجەمۆری تایبەتمەندیم بەکارهێناوە، قەتیش لێکدانەوەم بۆ وشە نەکردووە، وام زانیبێت بۆلای خوێنەرەوە گران و سەختە, وشەکە چەند دیوێکی هەیە. ئاسۆیی بەکارهاتووە، یان ستوونی.

ئەو بەوایەم هەیە، کە خەم زانیم چیم گوتووە. خوێنەریش دەزانێت چیم گوتووە و بەکام دیودا بەکارم هێناوە.

4

شیعر شەوازی بوون و بەها و پێوەر و گەاەبوونی دیدگای شاعیرە، واتە: بوون و چییەتی و دەزینەوە و ناسینەوە. سەختیی ژیانی بە قەرەبوو کردووەتەوە، لە ئەزموونی ئازاددا ئامانجی خۆقاندووم, شیعریش تاکە شوێنە لێوەی بەوانمە ژیان و گەردوون و یادەوەری، لە ژیان و گەردوون و یادەوەری ئامان هێزی پێویستی پێ بەخشیوم. هەستم بە ژیان بەهێزە و یادەوەریشم بەهێزە و حەزکی گەورەشم هەیە بە ژیان، لەو شیعرەی ژیانت بە قەرەبوو دەکاتەوە، واتە: شیعری ژیانیی وشە و ێستە تکەاو دەبن و ێستە لە وشەدا دادەژرێتەوە، تکەشاوم ئەم کارکردنەم بکەمە شەوازێك تا ببێتە دەنگێك بە بیدەنگەکان، یان گفتوگۆی نێوان شاعیر و خوێنەرانی.

5

شیعری بگرد مای لە چ و گا نەخەمانەدووە. لە گ خەماندوویەتی، بایە مەی و مەستییەکەی، بژارکراو و کخستنەوە و تاهەتایی و گرەوی سەختی بوونە، دەکرێ جارە بیرکردنەوەیەکی سفیگەریانەی تدا بدزێتەوە، کە زەینی داهێنەر و خوێنەر دەپارێز.

6

شیعر بە کردەی سرووش و خرشان و ئاماژە و نیشانە و مۆتیف تدەگەم، سروشت دەدزێتەوە و مرۆڤی هەستیاری بە ئامادەکات. شاعیر سروشتی دووەم و مرۆڤ دەدزێتەوە. لە سەرچاوەکانی سروشتی یەکەم هەکین دەکات.

7

شیعر ئەو هێزانەیە، کە مرۆڤ و خوداوەند و ئاژە و زیندەوەر و باێندەی دروست کردووە و ئاشقی ژیانێ. ئاشقی ژیانیش لە هیچەوە دروست نابێ، ئاسۆ و دووریەکانی فرەدیوی بوون دەناسێت، لە سەرتاوە دەست پێدەکاتەوە. هەموو شت بە پلەی باا لە شیعردا دەژی، شتەکان پێشبینییەکی ورد و زیرەکن. ئەو شوێنەی هێزی ژیان دەستی دەگاتێ، شوێنێ لە شیعردا و جیهان تێیدا ئاوارێیە. مرۆڤ ئاوارەکانی دنیای تدا دەناسێ و ساتی ناسینی دەربڕین لەکردنێ بە نزیکبوونەوەی هەموو شتەکان لە گای شیعرەوە. هەموو شتەکانیش لە شیعردا چەندین جار لەدایکدبنەوە و ژیان بە باری تر دەگوازنەوە.

8

سەرەتا هەموو وەرگێڕانێك لە ناسینی ئەوی دی دەست پێدەكات. لە ڕێگای وەرگێڕان بە كوردی نهێنی هونەری و تانوپۆی شیعری بەشێك لە شاعیرانی زمانانی تەرم ناسی. وەرگێڕان كردەیەكی گرنگی ئاشتیخوازییە. ئەوە حاڵەتێكە من لەناو شیعری وەرگێڕدراودا باش ژیاوم، بەرزی و نزمی پلەی لەدانی دڵی خۆم زانیوە. ئەگەر نەتوانی بە زمانی دنیاش بخوێنیتەوە، بە وەرگێڕانیش بیخوێنیتەوە هەر كارێكە نەخشێكی گرنگ لە بوونی شیعر دەبینێت و زیاتر قووڵیت لێ دەردەكەوێت. دڵم لەناو شیعری وەرگێڕدراودا بەباشی لەدەدا، بەڵام ناسنامەم سەر زەمینی كلتووری شیعری كوردییە. بەوام بە وشە و هێزی وشە هەیە، زمان ناوەند و بوون و چییەتی و دەزینەوە و ناسینەوەیە. ڕەحی بەشێك لە شیعری كوردی بە شێوەیەكی زیندوو و چالاك ماوەتەوە، ڕووبەڕووی شارستانیەت دەبێتەوە و گفتوگۆی لەگەڵ دەكات.

9

هەستەكان و دەربڕینی بەهێزی هەست ڕێگا و ڕووگەنمای دەزینەوەی شتەكان و وشەكان و ماناكانن، سەرەتای كردەی نووسینن, كە ڕەشنووسی شیعرێك تەواودەبێت، بوێریی ئەوەم لایە زیاتر كار لەسەر لابردن و سینەوە بكەم. كەمتر كار لەسەر زیادكردن و خستنەسەر بكەم. لە ڕەشنووسدا زیاتر كار لەسەر جێگۆكێی وێنە دەكەم، هەوێیش دەدەم هەستی بێنكردن لە وێنەدا بەرز بكەمەوە و وێنە بێن بكرێ, كە وێنە بێنكرا هەستی بیستن پێی هەستیار دەبێت، هەوێمداوە هەندێك وێنەی باو خواز بە ناو سادەیی و وێنەی بژاردەخواز و ڕوانینوان بهێنم.

10

شیعر و گەردوون ڕوخسار و ئاوێنە كلتوورن، شیعریش جەنگێكی ڕێزانەی بەردەوامە و وزەی زیندووی ناو كلتوورە، هەستەكان بە ئاوازی جیا جیا درێژی دەكێنەوە، شاعیری دامەزراو بە زمانێكی بەرجەستە لە مێژوو و كانگای مرۆڤی نزیك دەكاتەوە. لە خودەوە بە خودی باڵا. ژیان لێم كردەیەدا سەرلێنوێ لەدایكدەبێتەوە، منیش لەم لەدایكبوونەوەیەدا هەوێم داوە پەخشانەشیعر بكەم بە نموونەیەكی كوردی.

11

شیعری بگۆرد بەوای بە هیچ ئایدیۆلۆژیا و شانە و شەپۆل و جەوبەدەستێك نییە. بەوای بە ئاراستەی دیاریكراوی شیعریبوون و ئەستێتیكای سادەیە. هەموو ئایدیۆلۆژیایێك فشەیە، شیعر و زمان تێیدا بگەن دەكا،خەیاڵیش باگرن دەكات. خەیاڵ ئەو ڕەگەزە

کاریگەر و ووناکەیە ژیانی مرۆڤی شاعیر دەوڵەمەند و بە بەرهەم دەکات. بە وزەیەکی بە گوێی دەربڕینەوە لەناو گڕشە و ووبەری شیعردا دەتهەڵتەوە تا هەست بە ئاسۆ دووریيەکانی گومان و سەرسوڕمان و زمان و پرسیار بکەی.

12

خوێنەر دوای نووسینی شیعر گرنگە، شیعر خێی کۆدکاتوە و ئەزموون و شارەزایی و یەکێتی هەستیاری و هەستەکان دەینووسێت، دواتر بژاری دەکەی. خوێندنەری کراوە دەیخوێنێتەوە. من هیچ بڕوام بە خوێندنەری چڕژی تەنك و لابەلا نییە. ئەدەب چڕژی تەنك و لابەلا نییە، ئەستێتیکا و یەکێتی هەستیاری و هەستەکانە. چڕژ هەسەنایەتیی داهێنان یەکناخات، بەڵام ئەستێتیکا یەکی دەخا. خوێندنەری چڕژی تەنك و لابەلا تەمبەڵ و فشەڵ و نەدەزەرەوەیە. خوێندنەری کراوە خەیاڵی خێی بکاردەهێنێ، واتای زەینی و دەروونیی بەرهەم دەهێنێ و پشکێشی دەکات، کەپوو بۆنی وێنە دەکا و بۆنی وێنەش دەناسێ. قەت لە خەم نەپرسیوە شیعر خوێندنەری ماوە، یان نا. یان چەشنێکی تری ئەدەب شکڵی شیعری تەنك و ڕەفك کردبێت. ئەم پرسیار لە خەکردنەوزە لەخۆ ناگرێ و پێویست نییە بە بوون و چییەتی و دەزینەوە و ناسینەوە. گومان لە توانای خەکردنە، یان ترسەکە بیرکردنەوەت شڵووو و شڕاو دەکات. ووباری وزە و هەست ناتگاتێ و فریات ناکەوێ. توانای بیرکردنەوە و وێناکردنت کەناکاتەوە. خوێندنەری کراوە بشکێکی گرنگە لە کتێب، مادام شیعری بگەڕد هەیە، خوێنەری کراوەش هەیە. خوێنەر لە شیعردا نەشونما دەکا و پەروەردە دەبێ و دەدرەوشێتەوە، شیعریش لە خوێنەردا دەژی، خوێنەر لە کۆتاییدا فەلسەفەی شیعرە، ماڵی دەدزێتەوە، ئاڵای لەناو هەدەدا و ئامانجی کۆدەکاتەوە و مەشخەڵی بەدەستەوە دەگرێ.

13

وا دەزانم سەرزەمین بێ من بەخشراوە، بێ شیعر بینای بکەم. لە سەرەتای شیعرەوە بێ درێژایی هاتنی بیناکردن بەردەوام لەدایکدەبێتەوە و داهێنەر تێیدا ناوێندێ. وێك خوێنێك لەناو بیناکردندا دەژیم و لە تەواوی خانکانی لەشمدا ئامانجی کەکردووەتەوە.

14

پێش نووسینی سەر کاغەز، لە مێشکمدا نووسیومە و دەنووسم، کە دەستیشم بە نووسین دەکەم شێوەی گشتی شیعرەکەم لا نییە، بەڵام لەگەڵ یەکەم وێنەدا زەمینەی بەردەوامبوون خێش دەبێت و وردە وردە

بیرکردنەوەم ڕوونتر دەبێ و وێنە گەورەکەم لێ دەردەکەوێت، سروشتی خودایی و سروشتی زەینیی یارمەتیم دەدەن.
شیعری بۆگۆرد گوزارشتی واقیع و ڕووداوی فریودەر نابێ. هۆکارەکانی بیدزێتەوە و ڕوو لە سادەترین شتی بکات. سادەیی و هەستکان دەمێننەوە و پێیام و دڵخۆشی دەپارێزن.
15
نیگەرانی بارودۆخی ئاڵۆز و کارەساتبار و کۆتووی کۆمەڵگای کوردی و سیاسەتی کوردی نیم. نیگەرانی ناوەندی شیعری کوردیم، کە خەم تێیدا دەژیم و بەدەگمەن نەبێ هیچی تێدا ڕووندات و هەڵی گەورەی تێدا دەرناکەوێ، بەشێك لە نووسەران مەبەستی سەرەکیی، یان گەوهەری تاجیان دەستکاری کردنی دڵخە بەرەو باشتر و ناسینەوەی نرخی ڕاستەقینە، مەبەستی سەرەکیی، یان گەوهەری تاجی من بەکارهێنانی زمانە بەرەو باشتر و هەستیاری و خەمڵین و وشەی ئاهەنگدار و پڕوەر، شکڵی ئێستێتیکا و زمان بەرگریکاری هەقیقەتن.

16
داهێنەر کەسایەتییەکی ناوەندە و خەسڵەتی ناوەندبوونی داهێناوە، سرتە و ڕازی داهێنان و تەکنیکە زمانەوانییەکانیشی گرنگیوە. یەکێکم لە شاعیرانی شەپۆلی سێیەمی شیعری کوردی و دەقم تا ئەوپەڕی سنووری پەخشان بردووە، بەڵام نەمهێشتووە تەکنیکی گرانەوەی بێ تانوپۆ و لکوپۆپ زاڵبێت بەسەر شێواز و کورتبڕی و چڕی هونەری و ئێستێتیکی.
هۆشیاریەکی ئامادەی بە دڵ و گیانیشم لە شێوەدەنگکی نەرمی نەنووسراو هەیە, هەست بەوە دەکەم لە شیعری دەنگی نەرمی نەنووسراو دەگمەن نا، بەڵام تایبەتمەندی گەشەی کردووم، کەشش بێ ئەوە دەکەم لە ڕگای دیمەنی گردوونی و ڕەگەزی کتوپڕی و نیشانە و پەیژەکانی مۆسیقاوە بێ تەواویەك بگەم و ئاوازم لە بەرزبڕبتەوە، تا ڕادەیەکیش لەوە دڵنیام ئەم شێوازە، لە سەردەمی خۆمدا، واتە: ئێستا جگای سەرنج و بایەخ نییە.

17
ناتوانم هیچ کەسێك لە شیعری خۆم تێ بگەینم، چونکە شیعر ئاوگرێیەکی ڕاحیە. هەوڵدەدەم هەست بە شت کردنێك لە ناخیدا دروست بکەم. هەستی بوونی و لێکدانی ژیانی دە وێنا بکەم. نەك لێکدانەوەیان بێ بکەم، ئەفسوونێك وەك موچڕکێك گرتوومی و بەرم نادات. هەمیشە تاسەم بێ بینینی قەڵای هەوڵێر لە گەڕانەبوونە، هەرجارێك ببینم، بینینی جاری پشوو نییە و بینینی یەکەممە و شێوەی نادیاری وەردەگرێ، لە کۆی بینینەکان کەرستەی زمانەوانیم

گەیشتووە بە ئاسۆی هاوچەرخ و نوێبەخشی، لە دانەوشەی ڕەمانسی کرچوکاڵ لام داوە و هەوڵم بەرەو زەمینە هەماییەکان و شیعرییبوونی وردبوونەوە لە بەهرەی پەیوەندییەکانە.

18

هەستی ناوەوەم ڕەی پیشانداوم داهێنەران بدزمەوە، بە بەهاوە بیانخوێنمەوە، خوێندنەوەی شیعر لەسەر ئاستێتیکا و زمان لای ئەو شاعیرەی پرسی شیعر و داهێنانی مەبەستە زەرمان پێ دەبەخشێ. زەوان پێکهاتەیەکی بنیادی ژیانناممەیی و ئاخاوتنی دەروونی کردووەتە هەما و هەما پێکراو. سێزدە کتێبی شیعریم چاپکردووەە ناتوانم یەکێکیان بخەمە پێش یەکێکی تریانەوە، بەڵام پیاو بە نێبەرە دەبێتە باوك. هەر لە سەرەتاوە، زەوان بە سەرەتای ڕاستەقینەی خەم دەزانم. خەم بە ئەزموونگەر و شاعیری گومان و سەرسوڕمان و زمان و چەکردنەوەی پرسیار زانیوە، لە چوارچێوەیەکدا خەم ڕەك نەخستووە، خەشم لە شیعری فشەڵ پاراستووە و شەرم لەگەڵ شاعیرانی فشەڵ و بەستەزمان بەرپا نەکردووە و کەشەم لەگەڵ نەناونەتەوە، لە نرخیانیشم کەم نەکردووەتەوە. ڕەزی کتێبکانیانم گرتوون و کەیومن و لەناو کتێبخانەی خەمم داناون. تەزیشم لەسەر تەکاندوون. پاکم کردوونەتەوە، بەڵام نەمخوێندوونەتەوە، شاعیرانەك نەتوانن شیعری سەرکەوتوو بنووسن، یان لە بەردەوامبوونیان سەرکەوتوو نەبن، ناتوانن لەگەڵ سەرکەوتوو بن. خەیان دەخەنەوە و تووشی گرێی ناوەکی دەبن و گێچەڵ بە سەرکەوتوو دەکەن، دەبنە تیرهاوێژی کۆر. لەناو ئەم کردە و گێچەڵ پێکردنەدا من کراوم بە نیشانەی گێچەڵ پێ کردن. ئەو بەستەزمانانەی لەگەڵ شیعرم ناگونجێن، تەنگەتاوبوونە و گێچەڵ دەنێنەوە. هیچ زیانێکم پێ ناگەیەنن، بەڵکو سوورم دەکەن زیاتر لە کەشکردن و خوێندنەوە، قووڵبیمەوە و بچمە ناو هەز و شکڵی نووسینمەوە.
داهێنان دەتوانێت داهاتوو و مەژوو و هاوچەرخیی بخوڵقێنێ و بخوێنرێتەوەش.

19

شیعر هونەری بەشەکە، هونەری گشت نییە، شیعری گشت فریوی ئەستێتیکا و واقیع دەدات، لە سەرەتامدا شیعری گشتم زەر دەخوێندەوە، ئەستا ناتوانم دڵەکیشیان بخوێنمەوە. شیعری گومان و سەرسوڕمان و زمان و چەکردنەوەی پرسیار لەگەڵ واقیعی باوخواز نایەتەوە، واتە: جووت نابێ. واقیعی نوێبەخش، هەماخواز لەناو دڵقی گومان و سەرسوڕمان و زمان و چەکردنەوەی پرسیار دروست دەکەم. لە واقیعی سەرچاوە، جیا و

نامەی ناکەم و داینابڕم، بڕیار دووری دڵخۆشەوە و دەیپارێزم. ئاسەی چاوەڕوانی خوێنەری کراوە بە زمانێکی گەرموگوڕ بە وزەی پڕخشان دڵهێنمەدی، هانی دەدەم تێگەیشتنی بە گومان و سەرسوڕمان و زمان و چۆکردنەوەی پرسیار هەبێت و پەیوەست نەبێت بە وەڵام، پەیوەست بێت بە پرسیار. شیعری بێگەرد پرسیارێکی ئاراستەکراوی گەردوونیی و تێکەڵکردنی جۆر و هەگبەزی ئەدەبی و تێکەڵکردنی هەستەکان و چوونە ناو ئاسیەی.
داهێنان لە واقیعەوە دەست پێ ناکات. بەشێك لە واقیع وەردەگرێت. شاعیر بیەوێت بمێنێتەوە، دەبێت خەی ئامادەبێت و ئێستێتیکای مرۆڤی هەبێت، ئێستێتیکای مرۆڤ کۆکراوەی ڕۆحی مرۆڤ و گەردوونە، چونکە واقیعی هیچ کات و سەردەمێك لەگەڵ واقیعی کات و سەردەمێکی تر جووت نابێت، واقیع بە چەندین چینی هەمەجۆر دەورەدراوە. ئێستێتیکای مرۆڤ لەگەڵ هەموو کات و سەردەمەکان جووت دەبێ، داهێنەر کەسی دوودڵ و بووننیی و یاخییەکی بەردەوامە، لەگەڵ سەردەمی خەی نایەتەوە و جووت نابێ، نەرمی نواندنیش نازانێت.

20

گفتوگۆی هاوچەرخانە و جۆرە ڕۆزلێنانێکی ئایینی، هەموو ئایینەکانم بە ژیان گەیاندە کردووەە، شاعیری بڕپرس و پابەندی سروشتی زەینی و ئێستێتیکا و زمانم, سروشتی زەینی و ئێستێتیکا و زمانیش پەیوەندی و یەکێتێن. ناتوانم لە دڵ گۆڕ و پێ بزاوتی پێشنگدار و کردار و کاریگەرییان دوور بکەومەوە. دوای بیرکردنەوە، کاتێ خورپێ و ئیلهامم پێدەگا، خەم بە وروژاوی سروشت و ژیان دەزانم و پێداگریشی لەبارەوە دەکەم. سروشت بە هووبڕێ فراوانکەی، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، زیندەوەر، دارستان، هووك، دار و بڕد… تاد، کاتێکیش شەڵی چڕپڕی براکوژی کێپەی سەند، مووچڕکەکی بکوژ سەرتاپای هەستکانی گرتم و تا ئێستاش لە جێستەم ماوەتەوە و دەرنەچووە، دەرزییەکی ژەنگنە هەموو هەستەکانم دەکوتێ و تووشی تیراوەیان دەکا. کۆتمێ ناو ونبوونێکی سەرتاپاگیرەوە، دڵچوومێ کێناری خێنیشی و خەم دڵخواردەوە و دەمپرسی چی چارەنووسی مرۆڤی وا سڕخت و دڵگمێن کردووە، یان هەر ژیانی ڕاستقینێ خەی ونە، یان سەرەتڕ لە دەربڕینی جوانیی ڕۆحا و دەزینەوەی ئەوپەی پاکی و پاکیزەیی هوون. شیعر ئەوەندەێ هەست و بیر داخراو نییە هەندك دیاردەی ژیان وەربگرێ و هەندکیش وەرنەگرێ. هەموو بارەکان وەردەگرێ. ژیان بە هەموو بارەکانیەوە وەك جۆرە پێوەر و چارەنووسك پرسیاری ترسناك و بنەەتی لە شیعر دەکەن.
لە هەموو باروبوار و جۆری هەڵکەوتدا چووماتێ گۆشەی خنشینی و

دەمزانی سنووری ئەرك و بەردەوامبوونی من لە نووسیندا تا چ سنوور و ئادیەكە.
شیعر دیاریی بەدەنگیی و گەوهەری تاجی منە، پێشكێش بە گەردوونی دەكەم.

سەباح هەنجەر

كاتێ لەگەڵ خەما قسە ئەكەم.. نەوزاد بەندی

ئازار وایە ،
كەم كەم لەگەڵیدا ئادەی ..
وای لە دڵ ،
هەژێ دیار نەبێ ،
سەد شوێن بە دوایا ئەگەڕێی ..!
.....
.....

★ ★ ★

كە باڵندەیەك ئازاد ئەكەیت ،
بە هەر ئاڕاستەیەكدا بێ ، هەڵەفڕێ ..
چونكە بە هەموو ئاڕاستەكانا ،
ئازادیی هەر ئازادییە .

★ ★ ★

قسەی خۆش بە منااڵنكانتان نەكەن ،
كە چوونە دەرەوە ،
حەرامزادەیەك بە قسەیەكی خۆش ،
هەڵیانئەفریوێنێ !

★ ★ ★

ژیان گەڵانێکی بەردەوامە
لەناو بەردەواميیەکی جێگیردا ،
لەبەر ئەوە لە تەمەنێکی دیاریکراو زیاتر ، مانەوە تیایدا
کارەساتە ..

* * *

ئەوانەی مردن ،
چییان زەرەر کرد ؟

* * *

هەوە بە ئەو کارانە بتوانیت کە ناتوانیت ، بە ئەوەی ئەو کارانە
بتوانیت کە ئەتوانیت .

* * *

گوێ لە ماڵەکەی خۆتا بووەنی ، ماڵداریيە ..
گوێ لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆت بووەنی ، نیشتمانپەروەریيە ..
ماڵەکەی خۆت پاک بکەیتەوە و
دەرەوەی ماڵەکەی خۆت پیس بکەی ، بە ڕەوشتیيە .

* * *

شەر شەڕە و
کەڵەشەریش کەڵەشەر ..
کە شەر نەبووی ،
کەڵەشەر مەبە ..

* * *

ئەوەی پەروەردە نەکرابێ ،
قات و بەینباخ و پلە و پێست ،
هیچی فێر ناکەن ..
تەنها گەمژەییەکانی تەختر و ئاشکراتر ئەکەن ..

* * *

خۆپیشاندان بە بەختەوەر ،
لوتکەی گەمژەییە ..
تەنها منداڵەکان بەختەوەرن

کە هەشتا نەیانزانیوە دنیا چ ماڵێکە ..

⋆ ⋆ ⋆

دەستات نەتوانێ گەنجەکانی دامەزرێنێ ، گەنجینەکانی دزراون ..

⋆ ⋆ ⋆

ژیان گیانێ بە دوای مردندا ،
هەندێک بێ دەوەستەندیی بێ دوایدا ئێگیرێن و
هەندێکی تریش بێ هەژاریی ..
هیچیشیان نازانن بێ دوای چیدا ئێگیرێن ..

⋆ ⋆ ⋆

هەندێ جار گەمژەیەک دەتە ناو ژیانتەوە ..
هەوە بدە بە کەمترین زیان ، لێی دەرچیت ..

⋆ ⋆ ⋆

ئاگاداری ووشەکانت نەبیت ،
دەمت لێ بەرچاوی خەڵک ، ئەبێ بە مەنهەڵ ..

⋆ ⋆ ⋆

بە منداڵیی ،
لە هەر کوێ خەومان بهاتایە ئێخەوتین ..
کە گەورە بووین ،
لە هەر کوێ خەم هەبووایە ئێمانخوارد ..

⋆ ⋆ ⋆

مەرگی زەر کەسمان بینی ،
کە هەزاران کەس پاسەوانیان بوون ..
ئەمە کە تەنها سەبەرەکانمان پاسەوانمانن ..

⋆ ⋆ ⋆

هەتا هەوەستەکانت زیاتر دژ بن بە خواستی خەڵک ،
پێویستت بە پاسەوانی زیاترە بە ئەوەی لە لەوێ بەردەوام بیت ..

⋆ ⋆ ⋆

سەرکی پەرلەمانێک 40 پاسەوانی هەبێ ،
میللەتەکەی گورگن ..

* * *

هەتا زیاتر چاوپۆشیی لێ زەردار بکەیت ،
تووندتر پێت پیا ئێنێ ..

* * *

بریندارەکان ئەوانە نین کە خوێنیان لێ ئەچڕێ ،
بەڵکو ئەوانەن کە چاوەڕوانن ..

* * *

ئەوەی دەستپاتی ئەوە
بە ئابواردن و کەرەستەوەی ماڵ و سامان ،
ئامادەیە نیشتمان لەسەر بچووکترین مێز و
هەرزانترین قومارەدا ،
بدۆڕێنێ ..
چونکە نیشتمانی ڕاستقینەی ئەو ،
خەی و خەزانکەیەتی ..

* * *

هەندێ جار
ڕەقت لێ خۆت ئەبێتەوە ،
کە ئەبینی هێژ بە هێژ
لێ خواستەکانت دوورتر ئەکەوێتەوە و ..
لەو شتانەی بەزارت ئەکەن ، نزیکتر ..
* * *

چێشتخانەیەک بەگژن بوو ، داخرا ،
زەربەی چێشتخانەکان لاساییان کردەوە و داخران ..
کەس بە ناحەق کوژرا ،
بوو بە مەدڵ و چەندین کەسی تر
بە ناحەق کوژران ..
یەک شەماڵ موفتیمان هەبوو ،
هیچ کەس نەبوو جێگاکەی پێ بکاتەوە ..
یەک ئیبراهیم ئەمین باڵدارمان هەبوو ،

یەکەکی تری نەهاتووە جێ ..
یەک نەجمەدین مەلامان هەبوو ،
کەس نەیتوانی دانیەکی تر لە خەیدا متوربە بکا ..
میللەتەکین یەکسەر فەتە کەپیی بەدکاریی ئەکەین ،
هەرگیز ناتوانین شونپەی زانا و پیاوچاکانمان هەبگرین

* * *

سالانە بەرگی کەعبە ،
دووبارە
زیپەش ئەکەن و
خەکەکی زەریش لە برسا ئەمرن ..
لە چ ئایەتکدا هاتووە ،
خەک با لە برسا بمرن و
بەرگی کەعبە زەە پەش بێ ؟
سالی جارەکیش بگەە ؟

* * *

هەتا دوای نیوەە قسە بە کورد مەکەن ،
چونکە تا ئەوکاتە لە سەد کورد ، نەوەد کورد خەوتوون ..

* * *

لوتکەی شانازیی کورد ئەم شتانەیە :
خزمەتکاری نیپالیی ، ئوتومبیلی کیلەمەتر سفر ، نەشتەرگەری جوانکاریی ، خوەندن بە ئینگلیزی و تورکی ، هەگەزنامەی ووڵاتکی ئەوروپیی ..

* * *

لە میللەتی ناشیریندا ،
زەرینە هەوڵی نەشتەرگەریی جوانکاری و بەیاخ ئەدەن ..

* * *

هەندە کورد ، حەز ئەکەن ئیشت تەیان بکەوە ، بە ئەوەی بەت نەکەن .

* * *

کوژاندنەوەی گەپەکانی ترافیک بە دەسەاتدارەک ،

واتا کە ئەشلی بیشلە ،
قوربان ..

⋆ ⋆ ⋆

میللەتێک ؛
(ناز لە سەوزەفرەشێک نەگرێت
چونکە پارەیەکی کەمی لە ئەسێنە و ..
ناز لە پزیشکێک بگرێت
چونکە پارەیەکی زۆری لە ئەسێنە)
بە فەوتان باشە ..

⋆ ⋆ ⋆

.....
.....

کە دەزیتەوە ،
پەی ئەی ..
ماڵت ئاوا بێ ، تۆ لە کوێی ؟!!
وا شەتەکانت وشک ئەبن ..
هەر دیار نەبووی ..
هەر چاوەڕێ بووم دەرکەوی..
هەر ووتم تازەکی تر دەی !

نەوزاد بەندی

وێنەکانی پیاوەکی غوربەتنشین.. شیعری ستیڤان شەمزینی

1
دەرگای جوانی داناخرێت

هەمیشە ژیان
لەوی دەتە ژوورەوە
تا ئەو کاتەی ژن
لە بەتەی شیعردا بدرەوشێتەوە
-٢-
پیاوە دەموچاو لەچەکە
بە هەناسەبەکە
خەی کرد بەنەو قەرەباغیدا
لە دوورەوە تەنهایی ناسییەوە
دەستی گرت و بردییەوە بە ماڵەوە
-٣-
شاعیرەکان لە یەکتر ناچن
ئەو شاعیرەی
بە دوای ئەویندا نەگەڕێ
وەک ئەو زاریە وایە
لە سکی خەیاڵ نەهاتبێتە دەرەوە
-٤-
بەیارمداوە خەم بکوژم
لە شیعرەکدا
فیشەکێک بنێم بەخەمەوە
لە ڕەمانەکدا
خەم لە ئاپارتمانی چاوەوانییەوە
هەڵبدەمە خوارەوە
-٥-
سەزانییەکان
لەپەنا هەستی منەوە
چادریان هەڵداوە
بە حەسانەوە
منیش جار و بار
شیعریان بەسەردا
دابەش دەکەم
-٦-
هەیبەتی شیعر لەوەدایە
دەی سەزانییەکان بداتەوە
کاتێک چەند دڵارێک وەردەگرن
پاکیزەیی خەیان دەدەن
-٧-

زەمانەکی سپەیە
شەمشەمەکوێرە
هەتاو ئیغتساب دەکات
دواتر هەزی ناوگەپەرست
کازیوە سەنگەسار دەکەن
-٨-
نیچە گووتی خودا مرد
هیچ لەم چەمکە تێناگەم
تەنە ئەوەندە دەزانم
هەر چێشنی مرۆڤ
خودایەک نەبووە تا بمرێت
-٩-
کە ئەم فەیلەسووفی داهێناوە؟
ئاو لە ئاگر میهرەبانترە
مانگ لە زەوی جوانترە
شیعر لە وێنە دانسقەترە
مەرگ لە ژیان تاڵترە
تا ئەو هاوکێشانە
هاوسەنگ نەکرێنەوە
دنیا بە خواروخێچی دەمێنێتەوە
-١٠-
کوردستان پە پەپە لە کوردزمان
بەدگمەن کوردی تەدا دەبینرێت
هەندەران پە پەپە لە بیانی
سەراوەژیشە لە کورد
کوردبوونم لە سلەمانی لە ون بوو
لە کێناری "راین" دەزیمەوە
-١١-
ئەی ژن
گوە بە گەرانی ئەو پشیلانە مەدە
ستایشی بەزی جەستەت دەکەن
مەینەیی تە
پەویستە بە رزگارکردنی جیهان
-١٢-
وریا بە ئەی ژن
تریاکی ئەو شیعرە نەشەت نەکات
جلت لەبەردا ناهەڵێت

دەتئاخنەتە ئەلبومی پەرنەوە
ئەو پەموویی عاتیفە نییە
نا، هەمان تاوەری سەنگەسارە
-١٣-
ئەی ژن
تۆ جەگرەوەی جەنگ نیت
بۆ پیاوەکان
تۆ
لە پەراسووە گۆڕکەی ئادەمەوە دەرنەهاتووی
تا پیاوەکان گرێوی راستکردنەوەت بکەن
تۆ ئاگردان نیت
پیاوەکان خەیان لەبەرت گەرم بکەنەوە و
میز بە خۆڵەمێشەکەشتدا بکەن
مەینەتیت هەموو شتی لە خۆگرتووە
-١٤-
ئەی ژن بمبورە
ئەگەر لە شیعرێکی سەرسەریدا
بۆ گوریسی حەزی پیاوانەی خەمەوە
تەم بەستبەتەوە
لە ئەمڕۆ بۆ دواوە لەگۆڕت دەفەم
لەگۆڕم بفڕێ
-١٥-
ئەی ژن
من بەبەریم لەو شیعرانەی
دەمێک وەک فریشتەیەکی سەزانی
دەمێک مینا ئەهریمەنێکی سەزبەخش
لە ناو خەیاندا سکێچت دەکێن
دەموەت لەو تابلۆیەی رەنگی دەکەم
وێنەی ئینسانبوونت تیشک بداتەوە
-١٦-
ئەی ژن بیرت نەچێت
ئەگەر لە چامەیەکدا
باسی مەمکی تەم کردبێت
باسی لەوی خەیشم کردووە
ئەگەر باسی ناشرینی تەم کردبێت
سەرە مەنهەڵی
بیرکردنەوەی خەشم لابردووە

من هەموو شتەکانم بە یەکسانی
لەگەڵ تەدا بەشکردووە
-١٧-
ئەی ژن لە یادی مەکە
لە پەنجەرەی پەپوولەوە
ژاری دووپشک ناخەمە مەشکت
لە ماڵی کوکوختییەوە
فەینت لە خەمدا کەلەپچە ناکەم
نا، ئەو مافەم بەخەم نادەم
بتکەمە بووکی نەو پەردەی
هەوەسی هەڵچووی نەرینەییم
-١٨-
ئەی ژن
یەکەک لەو پیاوە شەڵانیانەم
لەسەر تە
جەنگی جیهانی سەهەمم هەڵگیرساند
لەگەڵ ئەو پیاوانەی
وەک چەند گرامەک عەورەت
چەند دەپەک شەهوەت
باسیان دەکردی
-١٩-
دایکم ژن بوو
شیری میهرەبانییم
لە مەمکەکانییەوە مژی
خوشکەکانم ژن بوون
لە ئەوانەوە فێربووم
دەست بخەمە پرچی شیعرەوە
باوکم پیاو بوو
چەکی بە میرات بە جەهەشتم
براکانم هەموو پیاو بوون
فێری شکاندنی ئینجانەیان کردم
-٢٠-
ئەی ژن
من مەحکومم بەم دانپیانانە
ئەگەر دنیا بە ویستی تە بوایە
گەڵاپانی جیهان
لە بری ئەڵمپیادی جەنگ

دەبووە چیمەنی لەبوردەیی
لە بری ئاوسبوونمان بە بەهودەیی
رەژی هەزاران خەونی ئومێدەوارمان
دەهێنایە سەر دنیا
-٢١-
سەیری رەچەڵەکی گەلان بکەن
لە پەیامێکی رزیوی مەژوودا
بە فەنتەکی ئەستوور نوسراوە
کورد کوێی تەکشکانە
تەکشکان کوێی خیانەتە
خیانەت باپیرە گەورەی کوردە
-٢٢-
خەیاڵ شووی بە تەنهایی کردووە
تەنهایی مەردەکی خراپە
هەر کە بەزار دەبێت
لە ماڵەکەی دەیکاتە دەرەوە
ناچار رووەتی خۆی
بە چنگ دەڵێت
کراسی بەری دائەدڕێت
خۆشەویستی
تەماع لە مەمکی دەکات
-٢٣-
هەمیشە قسە گەورەکان
باسی شتی زەر وردیلە دەکەن
وتە بچووکەکانیش
بابەتی قەبە دەوروژێنن
لەوان گرنگتر بەدەنگیيەوە
کە حکایەتی مەزن دەگێڕنەوە
-٢٤-
کتێبە مەژووییەکان
درێژترین حکایەتخوانن
باسی شانازیی تەور دەکەن
بە ناساندنی درەختی سەربەدراو
باسی تەختی پاشاکان دەکەن
بە خە بواردن
لە باسی تەفانی خوێن
ئیستاتیکیانە

باسی جەنگکان دەکەن
بە ئاماژەدان
بە ئاوەدانبوونەوەی گەستانەکان
-٢٥-
پیاوەکان
مشتە گەنم لە دەیاندا نییە
دەیانەوێت هەزاران کەتر
لە هەستی برینگیاندا بنیشنەوە
پیاوەکان قەترێک سەز
لە تەنی دەنگیاندا نییە
دەیانەوێت هەزاران نەورەس
گەرانیێە خنکاوەکانیان بسەننەوە
پیاوەکان
هەموو پێینگەک لە مەشکیان و
ئەژدیهایەکی دەستدرێژیکار
لە خەیالیاندایە
-٢٦-
نووسەرەکان کەمەکک فریشتەن
لە ناو جەنگەستانی دەقدا
لە دەرەوەی تەکستەکان
دەروونیان پە چاە و چەیێە
ئەوان دەبەت
لەبری بیرکردنەوە بە خەک
فیکرەک لە حاڵی خەیان بکەنەوە
ئەگەر ئاوێنەیەک دابنێنن
بەرامبەر خەیان
رەنگە لەوە تێبگەن
دەستێک بوونەوەری سەیرن
بە زمانی هەسارەیەکی تر دەدوێن
-٢٧-
شەش بنەشتەکە
کاتەک برسی دەبین
دەکرێتە دەممان
بە قەوچە قەوچ
دنیا هەراسان دەکەین
تەنانەت گومان
لە قەی زگیشمان نامێنەت

زیرەکەکان ئەوانەن
ئەو بنەشتە ناجون
-٢٨-
گوومانم هەیە
بەرامبەر هەموو شت
دەتوانم بە متمانەوە بڵێم
یەقینم هەیە
بەرامبەر دوو کەس
ئەو ژنەی
ریسک بە خۆشەویستی دەکات
ئەو پیاوەشی
ئەو خۆشەویستییە قبوڵ دەکات
-٢٩-
مرۆڤایەتی
ڕێگەبای تەکنۆلۆژیا بردی
ئێمەش دەکەوتینە گەڕانەوە
نە مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە
نە قەزا و قەدەری ئێمە
ئەوەی لە نووسراوە
لە حەسرەتدا نەمرین
ئێمەیە هەموو
سۆی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ
-٣٠-
ئەو هەڵکارە جوانانەی ناهەڵن
مرۆڤایەتی وەک دەیناسەرکان
قەی تەبکەوێت
هەکارگەلێکی زەر نین
ئەوەی بە بیری من بێتەوە
لە هەنووکەدا
سێ هەکاری سەرەکین
خۆشەویستی و
خۆشەویستی و
خۆشەویستی

گۆبژێرێک لە وتەی ناوداران دەربارەی ئازادی.. ڕزا شوان

ئازادی لە زمانی ئینگلیزیدا (فریدەم) ە. لە بنەڕەتدا وشەی فریدەمی ئینگلیزی لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە، پەیوەندی بە وشەی (فرەند) واتە (هاوڕێ) وەوە هەیە.
لە ئینگلیزیی کۆنیشدا (فریدەم) واتای: هەزی هەبژاردن و بەیاردانی چارنووس، دەخی ئیرادەی ئازاد، رزگاربوون لە کۆیلایەتی و لە ستەمکاری دەگرێتەوە.
هەندێکیش وشەی ئازادی بە وشە لاتینی (لیبەر) دەگەڕێننەوە، کە واتای توانای مرۆڤ لە جڵەوکردن و ڕەفتار و هەر کارێک دەگرێتەوە، بە بوونی کەمترین مەرج.
ئازادی وشەیەکی پڕڕەز، لە هەموو ئاین و ئایدیا و پڕتووکەکان و لەلای هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهان. جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤیش جەختی لەسەر کردۆتەوە.
ئازادی چییە؟ ڕەنگە ئەم پرسیارەکی قورس بێت، چونکە وەڵامەکەی پێویستە بەو کەسەی وەڵامی دەداتەوە. ئازادی بریتییە لە دەسەڵات یان مافی ڕەفتارکردن، قسەکردن و ڕادەربڕین، یان بیرکردنەوە وەک ئەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت، بەبێ بەربەست و ئاستەنگی و کۆنترۆڵکردن و بوونی حکومەتی ستەمکاری سەرکوتکەر و دەمکوتکەر. ئازادی سەربەخۆیی لە کردارەدا، بە بەدەستهێنانی خۆن و هێواکانی مرۆڤ. یان ئەنجامدانی هەر کردارێکی دڵخوازی تاک، تا ئەو ڕادەیەی، کە پێشێلی ئازادی و مافەکانی کەسانی کە نەکات.
مرۆڤ بێ ئازادی لەدایک دەبێت. ئازادی مافێکی سروشتییە لە مافەکانی مرۆڤ، کە هەمیشە هەوڵی بە دەدات. چونکە ژیان بێبە ئازادی ژیان نییە و هیچ چێژ و خۆشییەکی نییە. ئازادی یەکێکە لە سادەترین و گرنگترین پێداویستییەکانی مرۆڤ و کەمەگا. ڕەگەز بە تاکەکان دەدات، بێبە سنوور و سانسەر بیربکەنەوە و دەربببڕن.
ئازادی مافی ئەوەت پێدەبەخشێت، لەگەڵ ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆتدا بژیت. ئازادیش نادرێت و دەبێت

بەدەستبەهێنرێت. ئازادی ئازایی، هەموو ئازادیخوازێکی ئازا، پێشمەرگەیەکی ئازایە، کە لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادیدا، سە ناکاتەوە.
کەمەنناس (ئەرلاند پاترش) نووسەری پرتووکی (ئازادی لە پیشەسازی کولتووری رۆژئاوادا) دەڵێت:"ئازادی تەنها بەهایەکە پێدەچێت زۆر کەس ئامادەبێت لە پێناویدا بمرێت".
بە ئەوەی ئەوەی خوێنەر، زیاتر لە واتا و لە بەهەکانی ئازادی تێبگەن و سوودیان لەوەربگرن. (٥٠) وتە لە وتەکانی ناودارانی جیهان بەتانم گوێبژێر کردوون. لە چەندین سایتی ئینگلیزییەوە وەریانم گرتوون و وەریانم گێڕاون بە سەر زمانی. کوردی.

١ـ کاری جەنز: نهێنیی بەختەوەری ئازادییە.. نهێنی ئازادیش ئازاییە.
٢ـ جوبران خەلیل جوبران: ژیان بەبێ ئازادی.. جەستەیەکی بێ رۆحە.
٣ـ قیکتەر هەگۆ: ئازادی بێ مەرەف نایاتە خوارەوە.. پێویستە مەرەف بەی سەربکەوێت.
٤ـ مەرا: هەر نەتەوەیەک، لە پێناوی ئازادیی خۆیدا، خۆی بەهەز نەکات و ئامادەی گیانبەخشین نەبێت.. خۆی دەدۆڕێنێت.
٥ـ نەردا گرایک: ئازادی و ژیان یەکن.
٦ـ مارتن لوتەر کینگ: ئازادی هەرگیز خەبەخشانە لەلایەن ستەمکارانەوە نادرێت.. دەبێت لەلایەن ستەملێکراوانەوە داوا بکرێت.
٧ـ جەرج واشنتەن: پەروەردە کلیلی کردنەوەی درگای زێرینی ئازادییە.
٨ـ هەربەرت هەقەر: ئازادی ئەو پێنجەرە کراوەیە، کە تیشکی خۆری رۆحی مرۆف و شکۆداری مرۆقی لێدەتە ژوورەوە.
٩ـ پێشەوا قازی محەمەد: هەستی نیشتمان پەروەری و ئازادی.. لە دڵی هەموو کوردیکدا جێگیربووە و دەست لێهەڵگرتنی نییە.
١٠ـ باراک ئۆباما: ئازادی من بەندە بەوەو.. کە تەش ئازادبیت.
١١ـ تاگور: ئازادی کاتێک بەدەستدەت.. کە باجی تەواوی بدەین.
١٢ـ وڵە سوینکا: گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئازادی

نەبوونی رۆخنەیە.
١٣ـ ماوتسی تۆنگ: ئازادی لە لوولەی تفەنگدا هەڵدەت.
١٤ـ دیمەن دیسی: ئازادی نادرەت و دەسنرەت.. کە سەندیشت، دەبەت بزانیت کە چەن بەکاری دەهێنیت.
١٥ـ ناپلیۆن: نەتەوەیەک ئامای ئازادی و یەکێتی بشکێتەوە.. هیچ کاتێک ناوەت.
١٦ـ جان جاک ڕوسۆ: مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبەت.. بەڵام لە هەموو شوێنکدا، زنجیری کۆیلایەتی بەکەش دەکات.
١٧ـ پاتریک هێنری: کەسانی تر چییان دەوێت.. ئەوەی من دەمەوێت ئازادی یا مردنە.
١٨ـ مەدام ڕۆلاند: ئەی ئازادی، چەندها تاوان.. بە ناوی تۆوە دەکرێن.
١٩ـ مەشیە دیان: ئازادی ئەکسجینی ڕوحە.
٢٠ـ ئەبرەهام لینکۆڵن: ئەوانەی نکووڵی لە ئازادیی کەسانی تر دەکەن.. خەیان شایانی نین.
٢١ـ فایق بەکەس: داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بە فیداکاری ئەبێد سەرناگرێ
٢٢ـ شارلوت بروونتی: من باوەڕ نیم، هیچ تەگبیر کیش من ناگرێت، من مرۆڤکی ئازادم و خاوەن ئیرادەیەکی سەربەخۆم.
٢٣ـ خەزێ سیلوا: تا زەمانی کەت و بەندی و ئەسارەت نەبینین.. هەست بە ئازادی ناکەین.
٢٤ـ تۆماس کامبل: ئەو کەسەی نیشتمانەکەی خۆشدەوێت.. خوێنەکەی تەوی ئازادییە.
٢٥ـ نزار قەبانی: ئازادی وەکو ئاسمان و شەو و دەریایە.. ڕازی نابێت بە دابەشکردن و لە کەمکردنەوە و سازشکردن.
٢٦ـ ماهاتما گاندی: ئەگەر نەتوانین بە ئازادی بژین.. باشتر وایە باوەش بکەینەوە و پەشوازی لە مەرگ بکەین.
٢٧ـ شێخ سەعیدی پیران: چەن شەشی نەتەوەیەک بە تا هەتایە لەناو دەبرێت.. کە ئەم نەتەوەیە سووربێت لەسەر، سەندنی ئازادی و ئامادەش بێت نرخەکەی پێشکەش بکات.
٢٨ـ ڕۆسپێر: بەو وەتە دەڵێن ئازادە.. کە ڕەز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێت و یاسا سەروەرە و دادپەروەریی تێدایە.
٢٩ـ ڕابەرت فرەست: ئازادی لە ئازایەتی دایە.
٣٠ـ هانز کریستیان ئەندەرسەن: تەنیا ژیان بەس نییە.. مرۆڤ دەبێت چەژ لە تیشکی خەر و لە ئازادی و لە خونچەگەکان وەربگرێت.

٣١ـ تونی مەریسەن: ئەرکی ئازادی، ئازادکردنی مرۆڤی ترە.
٣٢ـ جەرج واشنتەن: ئەگەر ئازادیمان لە زۆوتبکەن.. رەنگە داماو و بە دەنگ وەک مەن بەرەو سەربەین بمانبەن.
٣٣ـ جەمس باڵدوین: ئازادی شتێک نییە بە هەر کەسێک بدرێت.. ئازادی شتێکە کە خەڵکی وەریدەگرێت. خەڵکیش ئازادن چەنیان بوێت.
٣٤ـ پشەوا قازی محەمەد: ئەوە هەموتان ئاگادارن کە کورد لە رێگای ئازادیدا، زۆری بەخت کردووە و بەردەوامیش لەگەڵ داگیرکەراندا لە ململانێی بەردەنگاریدا بووە.
٣٥ـ ریچارد لاولیس: من کە لە بەندیخانە دام، دڵزانم ئازادی چییە و چ تامێکی هەیە.
٣٦ـ مەلای گەورەی کۆیی: هەرکەس ئازادی و سەربەستی بوە بای گەرم و ساردی وەلەش ئەکەوە
٣٧ـ ڤەتەر: ئازادی و تەندروستی هاوشوەن، تا لە دەستیان نەدەین بایەخیان نازانین.
٣٨ـ ئەمەرسەن: هیچ کاتێک ئازادی چاوەڕوانمان ناکات، بەڵکو دەبێت درەغی نەکەین و بە دڵ و بە گیان داوای بکەین. لە هیچ شوێن و مێژوویەکدا، شکنابەم کە ئازادی و دیموکراتی بە سووک و ئاسانی دەستکەوتبن.
٣٩ـ سەنیا سەن: هەرگیز دەسەڵات مەدەن بە کەسێک، کە ئازادیتان لە زۆوتبکات. ئەوە هی ئەوەیە، هی کەسی تر نییە جگە لە ئەوە، ئەوەتان لەبیربێت.
٤٠ـ بوم ستێکوەل: من باوەڕم بە ئازادیی دەربەین هەیە.. بەڵام لەو بەوایەشدام ئەمەش مافی تەبیەنیمان لەسەر ئازادیی دەربەین هەبێت.
٤١ـ هەمن موکریانی: بەڵێ سەختە یەکجار سەختە، دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لە ژن خەشویستر لە لای من ئەتەی ئازادی
٤٢ـ بەپ مارلی: باشتر وایە لە خباتکردندا، لە پەناوی ئازادیدا بمریت.. لەوەی بە درێژایی تەمەنی ژیانت بە دیلی بژیت.
٤٣ـ جەهان سیوم: ئازادیی راستقینە.. لە دادپەروەری بەولاوە هیچی تر نییە.
٤٤ـ فریدریش ڤەن هایک: باری نائاسایی، هەمیشە ئەو بیانووە بووە، کە گەرەنتی ئازادیی تاکە کەس لەناوچووە.
٤٥ـ رەحمەت نەژاد: ئازادی مافە و دەبێت وەربگیرێت.. دیاری نییە پێشکەش بکرێت.

٤٦ـ بنیامین فرانکلین: ئازادی نیشتمانێ.
٤٧ـ ماهاتما گاندی: ئازادی ڕۆح و هەناسەی مرۆڤ.. نرخی ئێم شتانە چەندە؟
٤٨ـ ئەلبێر کامۆ: ئازادی دەرفەتێکە.. بۆ ئەوەی باشتر بین.
٤٩ـ تۆنی کادیرن: ئازادی بۆ لاوازکان نییە.
٥٠ـ ئاونگ سان سووکی: تاکە زیندانی راستەقینە ترسە.. تاکە ئازادیی راستەقینەش ئازادبوونە لە ترس.

ڕزا شوان
نۆرویج: ٢٠٢٤